٩ی كانونی یەكەمی ٢٠١١

سـكرتێری گشـتی
SG/A/1313
BIO/4338

بەڕێوەبەرایەتیی راگەیاندن / بەشی میدیا و هەواڵەكان / نیویۆرك

ژیـانـنـامـــە

سـكرتێری گشـتیی نەتەوە یەكـگـرتووەكان

(جیۆرجی بوزتین)ی هەنگاری وەك جێگری نوێنەری تایبەت بۆ عیراق دادەمەزرێنێت

بـان كی مونی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان جیۆرجی بوزتینی هەنگاریی وەك جێگری نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ عیراق دامەزراندووە.

بەڕێز بوزتین، كە دەبێتە سەرۆكی بەشی پشتگیریكردنی سیاسی و دەستوری و هەڵبژاردنەكان لە نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی)، جێی جێرزی سكوراتۆڤیچی هۆڵەندی دەگرێتەوە كە بۆ ماوەی دووساڵ لەو پۆستەدا لە عیراق كاریكرد. سكرتێری گشتی سوپاسگوزارە بۆ بەڕێز سكوراتۆڤیچ بۆ خزمەتكردنی دڵسۆزانەی خەڵكی عیراق و پابەندبونی بە هاوكاریكردنیان.

بەڕێز بوزتین سامانێكی شارەزایی لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەو پۆستە دێنێت و پێش ئەوەش تازە گەڕابووەوە وەزارەتی دەرەوەی هەنگاریا لە بەداپێست پاش باڵوێزی وڵاتەكەی بوو لە ئێران و پێشتریش باڵوێزی هەنگاریا بووە لە ئەندونیسیا. بەڕێز بوزتین هەروەها لە چەند پۆستی جیاوازیشدا لە ئەفغانستان كاریكردووە پاش كاركردن یلە لیبیا و میسر.

بەڕێز بوزتین بڕوانامەی لە مێژووی زمانی عەرەبی لە زانكۆی دیمەشقی سوریا بەدەستهێناوە و لە زانكۆی لۆراند ئیۆتڤس لە بوداپێستی بڕوانامەی دكتۆرای لە زمانی عەرەبی و فیلۆلۆجیای سیمانتیك بەدەستهێناوە. سەرباری زمانی زگماكی خۆی كە هەنگارییە، بەڕێز بوزتین دوتوانی بە ئینگلیزی و فەرەنسی و عەرەبی و فارسی/داری و مالای (ئیندونیسی) و روسیش بدوێت.

ساڵی ١٩٥٥ لەدایكبووە، خێزاندارە و دوو كوڕی هەن.

* * * * *